# لۆری و شەقشەقەکەی

عەبدوڵڵا سلێمان(مەشخەڵ)
(کەنەدا)

بۆ لۆری، ئەو خانمەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتە و بە شەقشەقەکەی دەستییەوە دەڕوانێتە ڕەنگاوڕەنگیی جیهان.



ڕەتت کردەوە گەورە بیت
ڕەتت کردەوە تێکەڵی ناشیرینییەکانی مرۆڤ بیت
تۆ دەڵێی بە شەقشەقە جیهان دەنوێنم
غەڵبەغەڵبی جەنگ و
ئاشووب و
هات و هەرای تەماحی تەماحکاران هەر بە شەقشەقە
دادەپۆشم
گریانەکان دەلاوێنیتەوە و
ئینجا منداڵ ئاسا حیکایەت بۆ ئینسانە بەدبەخت و
بەشمەینەتەکان دەگێڕیتەوە.
لۆری تۆ خۆت حیکایەتی
تۆ خۆت حیکایەتی ئازار و
حیکایەتی ئومێد و
حیکایەتی چوونە نێو بازنە ئێسک قورسەکانی ژیان
تۆ خۆت حیکایەتی گەورەبوون و
نامۆبوون و
ختووکەدانی قەدەرە ناقۆڵاکەی چارەنووس
ئەو شەقشەقەیە چ پەنهانییەکی گەورە و
چ دڵنەواییەک و
چ دڵدانەوەیەکی مەزنە
تۆ بڵێی ئەوە ڕێکەوتنی ژێربەژێری تۆ و بوون نەبێ؟
تۆ بڵێێ نەتوانی ئەو شەقشەقەیە بکەی بە کەڕەنا بۆ
وەستانی خیانەتە بێکۆتاکانی ئینسان
تۆ بڵێی نەتوانی گۆی زەوی پڕ کەی لە گۆرانی
پڕی بکەی لە بەرائەت
لە بێوەیی
لە هێمنی
لە بێدەنگی
لە جوانی و
دواجار پڕی بکەی لە پێکەنین
ئەی ئەمە هەر ئەو خەونە نییە بۆی تامەزرۆین

لۆری: ئەی شەقشەقە بەدەستەکەی نێو ماڵی ئەودیو
تخووبەکانی شەڕانگێزی
ئەی پەیامبەرە بێهۆشەکەی سەرشەقامی بەڵێنە

گەورەکەی وجوود
ئەی شاژنی پاڵ قەسیدەی پڕ لە زیکر و سەفای دەروێشانەی شاعیر
ئەی دارێک نامۆ بە ڕەنگ
نامۆ بە گەڵا و لق و چڵ
نامۆ بە خاک
تۆ لە کێندەرێی سوکنایییەکانی دڵی خاکدا وێستاوی
لە کوێی وەسوەسەکانی وەرز و
سکوتەکانی وشە و
دڵەکوتێکانی ئازادیدا خەریکیت ماڵەباجێنە لەگەڵ کچە دەم هەراشەکانی گوندەکانی ئیمان دەکەی
لۆری: کێ تۆی هاویشتە نێو بالکۆنی ئەو قەدەرە ڕەشە و
کێ تۆی فڕێدایە پشتی پیکابی توانەوە و گەورەنەبوونی مەحاڵ و
سەر ئەسکەمیلی نێو باخچەکانی سەر ڕێگای خۆ نەناسین
ئەوە تۆیت دەزانی کە سەری هاوکێشەیەکی نەزانراویت
ئەوە تۆیت دەزانیت توخمەکانی تەماح و شەڕانگێزی ناتوانن بتبەزێنن
ئەوە تۆی لە دوکانەکانی بیستن و بینیندا ناتوانی عەشق و خۆشەویستی بکڕیت
لۆری: من و تۆ بەسەر پردی گریانێکا دەچینە ئەودیو سنوورەکانی بوونەوە

دەچین دەبین بە وێنەی سەر دیوارەکانی سەفەر
دەبین بە ئاماژەکانی سەر تاشەبەردەکانی قەدەر
دەبین بە خۆرنشینێکی ئاسۆیی شەنگ کە تا سروشت مابێ
تۆ و شەقشەقەکەت دەبنە خۆر و
ئاسمانە ڕەنگاوڕەنگەکەی بوون دەنێنە ژێر نیگاوە
لۆری: تۆ دەستت بێنە تاکو دەستم دەگا بە میوەکانی خۆ ونبوون
تا هەستم دەگا بە ئاقارەکانی تاریکی
هەتا دەبم بە شەقشەقەی دەستی شەوێکی جحێڵ و
دەبم بە دوا ترووسکایی نێو گەردوونە هەرگیز نەبینراوەکەی تۆ.

**ئایاری ٢٠١٧**